National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

RADIO DENG

یەکەی چاودێریی

**را پۆرتی مانگانە**

**راپۆرتی چوارەم**

**کانونی دوەم** 2017

1/2/2017

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی کانونی دوەمی 2017 |
| بەشی سێیەم | راپۆرتێك لەبارەی سیمیناری یەکەی چاودێری رادیۆی دەنگ لەبارەی گرنگیی ئەنجومەنە خۆجێیەکان |



### بەشی یەکەم: ناساندن

1. ناساندنی پرۆژە
2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان
5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی

## 1. ناساندنی پرۆژە

**یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یەکەیەکی تایبەتە بە چاودێریی و بەدواداچون کردن بۆ کار و چالاکییەکانی نوێنەرانی ناوچەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەرێگەی بەدواداچونکردن بۆ ئیشوکارەکانیان و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی مانگانە لەوبارەوە. یەکەکە پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگە بەپاڵپشی سندوقی دیموکراسی ئەمریکی "NED".**

**ئامانجەکانی ئەم یەکەیە، بریتییە لە:**

1. **دەرخستنی قەبارەی چالاکی و نوێنەرایەتیکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە.**

2. **دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندی دیکە لەنێوان ئەو نوێنەرانەو هاوڵاتیان، بە ئامانجی برەودانی زیاتر بە کاری نوێنەرایەتیکردن و هەروەها چاودێر بون بەسەر نوێنەرەکانەوە.**

3. **پیشاندانی ئەو را و سەرنج و تێبینییانەی کەلەلایەن هاوڵاتیانەوە لەسەر نوێنەرەکان دێتە ئاراوە، گەیاندنی دەنگی هەردولا بەیەکتری.**

**چالاکیەکانی ئەم یەکەیە بریتیی دەبێت لە:**

1. **ئامادەکردنی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و کاری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.**

2. **ئەنجامدانی راپرسیی بۆ زانینی رای چین و توێژە جیاوازەکان لەسەر کار و چالاکی نوێنەرە گەرمیانیەکان.**

3. **ئەنجامدانی بەرنامەیەکی رادیۆی مانگانە، بۆ پتەوکردنی زیاتری رۆڵی نوێنەرایەتییکردنی هاوڵاتیان لە ئەنجومەن و دەزگا تەشریعییەکان.**

4. **ئەنجامدانی: کۆڕ، سیمینار، دیبەیت و کۆبونەوەی کراوە، لەبارەی گرنگییدانی زیاتر بە پرسی نوێنەرایەتییکردن و هەروەها چاودێریکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو.**

## 2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانییەوە، لەروی کارگێڕی و دارایی و یاساییەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەروی چاودێرییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی ئەنجومەن چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێی یاسای ژمارە (71)ی 6-4-2004ی پۆڵ بریمەر لە 31-1-2005دا هەڵبژێردراو لە (41) ئەندام پێکهاتبو، ئەم خولە کە خولی دوەمی ئەنجومەنە، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عیراقدا، لە 30-4-2014 دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، خولی دوەم بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە 24-6-2014دا کرد.

ئەنجومەن پێکدێت لە (7) فراکسیۆن، کە بریتین لە: (بزوتنەوەی گۆڕان 12 ئەندام، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 11 ئەندام، خزمەت (یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) 4 ئەندام، پارتی دیموکراتی کوردستان 3 ئەندام، رافیدەین 1 ئەندام، هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان 1 ئەندام).

## 3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

لەئێستادا (2) لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە گەرمیان تائێستاش بەشێکە لەو پارێزگایە، خەڵکی ناوچەی گەرمیانن و بە نوێنەرانی گەرمیان لەو ئەنجومەنە هەژمار دەکرێن، ئەوانیش:

1. غالب محەمەد عەلی.

2. محەمەد عەبدولوەهاب.

هاوکات بڕیار بو لەپاش هەڵبژاردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر بە پارێزگاری سلێمانی، لەجێگەی ناوبراو (کەریم عەلی کەریم) ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، کە ئەویش گەرمیانییەو دانیشتوی ناحەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلارە، بەڵام تائێستا بەهۆی کێشەی یاسایی و تەواونەبونی مامەڵەکانی دەستبەکاربونی (هەڤاڵ ئەبوبەکر) وەك پارێزگار، (کەریم عەلی) سوێندی یاسایی بۆ بون بە ئەندامی ئەنجومەن نەخواردوە.

### (CV) دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

(1)
ناوی چواری: غالب محەمەد عەلی شکور
فراکسیۆن: گۆڕان
شوێن وساڵی لەدایکبون: کەلار 1982
شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار
بڕوانامەو ساڵی دەرچون: خوێندکاری دکتۆرا لە شیکاری نەوت
باری خێزانی: سەڵت
کاری پێشتر: مامۆستای زانکۆ
ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی
ئیمەیڵ: ghalib8299@gmail.com
فەیسبوك: ghalib M.ali
ژمارە تەلەفۆن: 07702122501
کاری ناو ئەنجومەن: سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی وزەو بازرگانی و سامانە سروشتیەکان
چالاکی رێکخراوەیی: ئەندام لەچەند ریچکخراوێکی ژینگەیی و تەندروستی

(2)

ناوی چواری: **محەمەد عەبدولوەهاب عومەر رەزا**

فراکسیۆن: گۆڕان

نازناو: حەمەی شێخ

شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1983

شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار – فەرمانبەران

بڕوانامەو ساڵی دەرچون: دبلۆم 2006-2007

باری خێزانی: خێزاندار

کاری پێشتر: مامۆستا

فەیسبوك: Hamay shex

ژمارە تەلەفۆن: 07701955029 – 07701581753

ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی عەرەبی، کەمێك فارسی

کاری ناو ئەنجومەن: ئەندامی چوار لیژنە

چالاکی رێکخراوەیی: بەشداری زۆربەی چالاکیە مەدەنیەکانی شارەکەی کردوە

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیاریکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لە پێناو

**کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو ڕووەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.**

**ئەم ئیدارەیە، ئەگەرچی لە ڕوی کارگێڕییەوە تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیەو دەسەڵاتی پارێزگای هەیە، بەڵام لەروی فەرمیەوە، هەتا ئێستا بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی، هەربۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریی دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەریان لەو ئەنجومەنە دیاریی دەکەن.**

## 5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

1. ڕادیۆی دەنگ:

**ڕادیۆی دەنگ، یەکەمین ڕادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.**

**لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.**

**ئەم ڕادیۆیە، لەلایەن هەردو ڕۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.**

**ڕادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەڕێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی ڕادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.**

**لەئێستادا ڕۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).**

**ڕادیۆکە، ڕادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، ڕۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و ڕەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.**

**جگە لە کاری میدیایی، ڕادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ڕۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی ڕۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).**

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پالپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە سالانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش سالانە پالپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد ولاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەسالی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئالوگۆری هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .
(NED) باوەری بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەلبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی ولاتە یەکگرتوەکان یان هەر ولاتێکی دیکە بێت، بەلکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## بەشی دووەم:

## چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی کانونی دوەمی 2017

لەکۆتاییەکانی مانگی تشرینی دوەمی 2016، محەمەد عەبدولوەهاب، توشی روداوێکی هاتوچۆ بو لەسەر رێگای کەلار- دەربەندیخان، بەوهۆیەوە بریندار بو و دواتریش لەلایەن دادوەرەوە راگیرا.

بە هۆی ئەوەی روداوەکە قوربانی لێکەوتەوە. محەمەد عەبدولوەهاب بەدرێژایی دو مانگی رابردو، بە بریاری داوەر لە بەرێوەبەرایەتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی راگیراوە .

بەهۆی راگیرانیەوە ناوبراو لە مانگی کانونی دوەم نەیتوانی هیچ چالاکیەك ئەنجام بدات.

هەربۆیە لە راپۆرتی ئەم مانگەدا، تەنها چالاکی و کارەکانی (غالب محەمەد عەلی) یەکێك لەنوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، تۆمارکراوە و لەخوارەوە دەیخەینە رو.

لەماوەی مانگی کانونی دوەمی 2017 دا، غالب محەمەد عەلی، (10) چالاکی هەبوە، کە (7) چالاکیان سەردان و بەدواداچون بوەو (3) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو و یاداشت بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکیی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | بەدواداچون | سەردانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار بەمەبەستی بەدواداچون کردن بۆ نەبونی پزیشك لە نەخۆشخانەکە. | 2017/1/1 |
| 2 | بەدواداچون | ئامادەکردنی پلانێك سەبارەت بە دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاولاتیانی پارێزگای سلێمانی و کۆبونەوە لەگەڵ پارێزگار و چەند بەرێوەبەرایەتییەك بۆ ئەو مەبەستە | |
| 3 | نوسراو | بە دواداچون کردن بۆ نەوتی سپی نانەواخانە و سەمونخانەکان و ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و داواکردن لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ دابین کردنی نەوتی سپی بۆیان. | 2017/1/5 |
| 4 | بەدواداچون | کۆبونەوە لەگەڵ بەرێوبەری پۆستە و گەیاندن و بەرێوبەری کۆمپانیای تیشك نێت سەبارەت بە خراپی و خاوی هێڵی تیشك نێت. | 2017/1/8 |
| 5 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە لابردنی (50000)تەنی گۆگرد کە کارگەی خشتی سیروان ماوەی دە ساڵە لە ناو کارگەکەی دایناوە و زیانی تەندروستی و ژینگەیشی لێدەکەوێتەوە. | 2016/1/16 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | نوسراو | بەشداریکردن لە یاداشتێکی ئەندامانی ئەنجومەن لەبارەی بڕیاری وەرگرتنی پارە لەهاولاتیان بۆ کۆکردنەوەی خاشاکی مالان | 2017/1/16 |
| 7 | بەدواداچون | دو کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێوبەری پۆستە و گەیاندن و بەرێوبەری کۆمپانیای تیشك نێت سەبارەت بەو بەڵێنانەی کۆمپانیاکە دابوی بۆ باشتر کردنی هێڵکەیان. | 2017/1/18 |
| 8 | بەدواداچون | بەدواداچونکردن بۆ قۆرخکردنی بانزینی بازرگانی و کوالیتیەکەی و خستنە روی دەرئەنجامی بەدواداچونەکە. | 2017/1/23 |
| 9 | بەدواداچون | بەدواداچونکردن بۆ نەوتی سپی و ئامادەکردنی راپۆرتێك لەبارەی بازرگانیکردنی حکومەت بەو نەوتەو فرۆشتنەوەی لە بازاڕی رەش دا | 2017/1/24 |
| 10 | بەدواداچون | بەدواداچونکردن بۆ ئەو گۆشت فرۆشانەی لەسەر ڕێگاکان ئاژەڵ سەردەبرن و دەیفرۆشن بە بێ بونی مەرجەکان و ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ قەدەغەکردنی. | 2017/1/26 |

## بەشی سێیەم:

## راپۆرتێك لەبارەی سیمیناری یەكەی چاودێری رادیۆی دەنگ لەبارەی گرنگیی ئەنجومەنە خۆجێیەكان

لەبەرواری 2017/1/30، یەکەی تایبەتی رادیۆی دەنگ بۆ چاودێری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەستا بە ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ مامۆستای زانكۆ و چالاكی مافەكانی مرۆڤ (ئاریان رەئوف)، بەناونیشانی: (ئەنجومەنە خۆجێییەکان چییان پێدەکرێت؟)

لەسیمینارەکەدا کەلە هۆڵی یانەی رۆشنبیری کەلار بەڕێوەچو، ئاریان رەئوف ئاماژەی بە باکگراوەندێکی مێژویی کورتی دروستکردنی ئەنجومەنە خۆجێییەکان کرد. ئەو باسیلەوەکرد کە ئەم ئەنجومەنانە لەوەوە سەرچاوەیان گرتوە کە ناعەدالەتی و خراپ دابەشكردنی دەسەلات و تاکڕەویی و تۆتالیتاریی و قۆرغکردنی دەسەلات نەهێڵێت، هەروەك بۆ ئەوەی دەسەلات هی گەل بێت نەك گروپ و لایەنێکی دیارییکراو.

ئاریان رەئوف،ئامانجە سەرەکیەکانی کاری ئەم ئەنجومەنانەی لە پێنج خاڵ دا کورت کردەوە، کە بریتیی بون لە:

1. ئەکتیڤکردنی بەشداریی هاولاتیان، بەومانایەی کە هاولاتیان بەردەوام بەشداریی سیاسییان بەهێز و باش بێت، هروەك چاودێریی نوێنەرەکانیان بکەن و بە ئاگایی زیاترەوە دەستنیشانیان بکەن.

2. بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان وەکو پێویست بگات بە ناوچەکان. واتا خزمەتگوزاریەکان تەنها لە یەك ناوچە قەتیس نەبن و ناوچەکانی دیکە لێی بێبەش بن.

3. شۆڕکردنەوەی دەسەلات بۆ ناوچەکانی ولات. بەو مانایەی دەسەلات لەسەنتەر دا کورت نەکرێتەوەو ناوچەکانی دیکەی دەوروبەر دور بن لە هەر بڕیاردانێك کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانیانەوە هەیە، ئەمەش بۆ برەودان بە دیموکراسیی و بەشدارییکردنی زیاتری هاولاتیان لە ژیانی سیاسیی دا.

4. چالاککردنی ئیدارەی خۆجێیی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باشتر. واتا لەرێگەی ئەم ئەنجومەنانەوە دەسەلاتە ناوچەییەکان ئەکتیف بکرێن و زوتر و باشتر خزمەتگوزارییە ژیانییەکانی هاولاتیان دابین بکرێت، هەروەك ئەمەش رۆڵی دەبێت لە پێگەیاندن و دروستکردنی کادیری پیشەیی لەبوارە جیاوازەکان، لە بری ئەوەی خەڵكێك لە دەرەوەی ناوچەكە بهێنرێت بۆ پۆستێکی دیارییکراو، ئەوا خودی خەڵکی ناوچەکە کەسانێك دیاریی بکەن و هەڵبژێرن کە هاو ناوچەیانە و باشتر لە کێشەو کۆژانی ناوچەکەیان تێدەگات.

5. برەودان بەبەشداریی کەمینەکان. لەرێگەی ئەم ئەنجومەنانەوە کەمینەکان ئەگەر گروپی سیاسی یان ئاینی یان هەر گروپێکی تر بن، بتوانن باشتر رۆڵ ببینن و دەوریان هەبێت بەتایبەت لەو ناوچانەی کە بونیان هەیە.

ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە، (ئاریان رەئوف) ئاماژەی دا کە ئەم ئەنجومەنی تائێستا تەنها دو جار هەڵبژاردنی بۆکراوە کە دەبوایە زۆرتر بێت، هەروەك هەوڵ هەیە بۆ سنوردارکردن و لەقاڵبدانی چالاکیی ئەنجومەنەکان بەگشتی و دەویسترێت وەکو ئەنجومەنێکی روالەتی یان شکلی بمێننەوە.

**ئەوەشی وت کەسەرباری هەمو تێبنییەکان، بەڵام بونی ئەنجومەنەکان گرنگە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە هاولاتیان لێپێچینەوە لە نوێنەرەکانیان بکەن و بەهۆشیارییەوە دیارییان بکەن و لەسەر بنەمای کار و برەودان بە خزمەتگوزارییەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن.**

**هاوکات هەر لە سیمینارەکەدا، چەند بەشدارییەك لەلایەن ئامادەبوانەوە کرا.**

**(بەرهەم سالّەح)، ئاماژەی بەوەکرد کە نوێنەرانی گەرمیان لاوازبونە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، ئەو نمونەی کەرتی تەندروستی هێنایەوە کەلەگەرمیاندا لە رەوشێکی خراپ دایەو نەتوانراوە فشارێکی وەها لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە دروست بکرێت بۆ باشکردنی ئەم رەوشە.**

**هاوکات (کاروان عەلی کەلاری)، لە بەشدارییەکدا پەسنی کاری ئەندامانی ئەنجومەن و بەتایبەت دو نوێنەرەکەی گەرمیانی کرد لە ئەنجومەنەکەو بە ئەکتیڤ ناوی بردن، بەڵام بەرای ئەو کێشە لەوەدایە کە بەردەوام هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنانە رۆڵ نەگێڕن و وەکو ئەنجومەنی بێ ئەرك و بێ رۆڵ بمێننەوە. هەروەك باسیلەوشەکرد کە بەداخەوە کاری ئەنجومەنەکە بەشێوەیەك تەوزیف کراوە کە نوێنەرەکان لەبری ئەوەی نوێنەری گەل بن بەڵکو نوێنەری حزبن.**

**لەبەرامبەریشدا (ئاریان رەئوف)، ئاماژەی بەوەکرد کە بەدرێژایی مێژو ئەنجومەنەکان لە ململانێدا بون لەگەڵ دەستەیەك لە دەسەلاتداران، چونکە دەسەلاتداران نایانەوێت دەسەلات بۆ خەلّك و لەنێو خەلّك دا بێت.**

**ئەم سیمینارە، یەکەم کاری لەوشێوەیەی یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیانە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ئامانجی برەودانی زیاتر بە هۆشیاری هاولاتیان لەبارەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و ئەو رۆلّەی دەکرێ لەبەرجەستەکردنی دیموکراسیی دا بیگێڕن.**





**بۆپەیوەندی:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org